راگەیاندنی هاوپەیمانی کریکارانی ئازاد دەربارەی مەحکوم کردنی
کارە تیرۆریستی یەکەی لەندەن و پشتیوانی لە حیزبی کۆمۆنیستی
کریکاری عیراق و شوراو ریکخراوەکریکاری یەکان وژنانی عیراقی { وەرگیر }

## هیرشی بۆمبەکانی لەندەن

وەرگیرانی لە فەرەنسیەوە
هۆشیار قادر

هاوپەیمانی کریکارانی ئازاد تەقینەوەکانی لەندەن مەحکوم دەکات ، ئەم تاوانە لە ٧ ی ژوییەی ٢٠٠٥ لە میترۆو پاسەکانی لەندەن ئەنجام درا ، قوربانیانی ئەم جارە کە لیدران دانیشتوانی شاری لەندەن بوون لە کاتیکدا بوو کە زۆربەیان دەچونە سەر کارەکانیان . لەم کاتەدا کە ئیمە ئەم راگەیاندنە دەنوسین کوژراو گەیشتۆتە ٣٧ کەس و برینداریش ٧٠٠ کەس بە پیی راپۆرتی رەسمی .
سایتی ویب [ السحا ] راگەیاندنیکی بلاوکردۆتەوە بەناوی [ القاعدە لە ئەوروپا ] لیپرسراویتی خۆی لەو تەقینەوانە رادەگەیەنیت { کاتی تۆلە سەندنەوە هات لە سەهیۆنی یەکانی بریتانیا ...... ئەمە وەلامیکە بەو کوشتارەی کە بریتانیا دەیکات لە عیراق و ئەفغانستان دا ....... مجاهیدینە پالەوانەکان هیرشیکی ئازایانەیان کردە سەر لەندەن ...... بریتانیا لە ئاگرو دوکەل دا نقوم بووەو ترس و تۆقاندن لە هەموو شۆنیک بەربلاوە.............}.
ئەم ئیسلامە سیاسیانە لەو وولاتانەدا کە تیایدا بەهیز بوون ، سالەهای سال سۆسیالیستەکان و هەلسوراوانی ریکخراوە کریکارییەکان و ژنان و خەلکانی دیموکراتیان کوشت و بر کردووە .
ئیمە دەعمی خۆمان بۆ نرخی ژیانی ئینسان دەردەبرین لە بەرامبەر ئەم تەوژمە کۆنەپەرستانەیەدا .

ئیمە دژی ئیمپریالیزم و سەرمایەدارین ، بەلام بە عینوانی ئەلتەرناتیفیکی ئینسانی ، سۆسیالیست و دیموکرات ، وە نا بە ناوی ئەم شەپۆلە کۆنەپەرستانەیە لە دژی دنیای هاوچەرخ .

ئیمە هاوپشتی خۆمان دەردەبرین بۆ قوربانیانی ئەم تیرۆریزمە لە هەموو شوینیکی ئەم جیهانەدا و بەتایبەتی بۆ بزوتنەوەی کریکاری و سۆسیالیستی کە لە خەباتیکی بی ووچاندان لە دژی ئیسلامی سیاسی ، وە خەریکی ریکخستنی کریکاران وبیکاران و جوتیارانی بچوکدان لە شەرایتیکی زۆر سەخت دا ، بۆ بەرگری لی کردنیان و رزگارکردنیان لە دژی سەرمایەداری جیهانی و دژی بیروباوەری دژە بەشەرو کۆنەپەرستی کە ئەمرۆ لەگەل سەرمایەداری جیهانی دا روو بە روو بوونەتەوە.

ئیمە هەروەها هاوپشتی خۆمان دوبارە دەکەینەوە بۆ سەندیکا تازەکان {نەقابە و شورا کریکاری یەکان ی عیراق و یەکیتی بیکاران/ وەرگیر}و حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق ، حیزبی کار لە پاکستان ، سەندیکاکانی ئەندونیسیا و حیزبی سۆسیالیستی کریکاران لە جەزائیر .
ئیمە بانگەوازی بزوتنەوەی کریکاری بەریتانیا دەکەین کە هاوپشتی ئەم بزوتنەوانە بیت .

ئەوە لیپرسراویتی بزوتنەوەی کریکارانی جیهانە کە خەبات بکات لە دژی کۆنەپەرستی ئیسلامی سیاسی ، وە ئەم کارە بە سیاسەتیکی سەربەخۆ دەبیت لە تۆنی بلیرو هاوپەیمانانی کە کاردانەوەیان لە بەرامبەر تیرۆریزم دا ئەمان بە ئامانجەکانی خۆیان دەگەیەنیت [تۆنی بلیرو هاوپەیمانانی /وەرگیر ].
وەلامیکی دەست بەجیی ئەم تاوانانە ئەوەیە کە چینی کریکاران نەهیلن چی تر بلیرو بوش باسی نەهیشتنی قەرزی وولاتان ، فەقیری ، گۆرینی ئاووهەوا بکەن و دەبیت پی بنیتە جەنگەوە لە گەلیان دا.

هەروەها ئیمە دژی ئەو هیرشەین کە دەکریتە سەرگەنجان و کریکارانی موسولمان لە لایەن هەندیک خەلکانی ئەم وولاتانەوە کە پییان وایە هەموویان تیرۆریستن ، هەر وەک و دوای ١١ی سیبتامبەری ٢٠٠١ بینیمان لە نیۆیۆرک .
ئیمە بانگەوازی بزوتنەوەی کریکاری دەکەین کە بینە مەیدانەوەو دیفاع لە دانیشتوانی موسولمان و مزگەوتەکان بکەن لە هەموو ئەو شوینانەدا کە بەهۆی ئەم تەقینەوانەوەهیرشی رەگەزپەرستانە دەکریتە سەریان.

ئیمە بانگەوازی بزوتنەوەی کریکاری دەکەین کە مقاوەمەتی سیاسەتەکانی تۆنی بلیر بکەن کە بە بیانوی بەرپەرچ دانەوەی ئەم تەقینەوانە ، هیرش دەکاتە سەر ئازادی یە مەدەنی یەلان.

ئەم کارە تیرۆریستیانە کاتیک روویان دا کە پەترۆنەکانی میترۆی لەندەن لە هەولی دەرکردنی ژمارەیەک لە کریکاران دا

بوون له وەجبەی محەتەکان.
پیویستە پەترۆنەکان هەر ئیستا ئەم دەرکردنانە بوەستینن ، کە بیانوی سەندیکاکان دەهیننەوە { لە پیناوی بەرگری کردن لە وەجبەکان و پیویستی پاراستنی ئاسسایش له میترۆکان دا }بۆ دەرکردنی کریکاران .

ئیسلامی سیاسی تەوژمیکی {تیار}سیاسی یە :زۆربەی زۆری خەلک لەو وولاتانەدا کە ئەم تەوژمە بالا دەستە قوربانی ئەم دینە وکلتوری ئیسلامن ، وە یەکەمین کەسانیکیشن کە بەر هەلستی ئیسلامی سیاسی دەکەن .

ئەم تەوژمە { تیار } [ دژی ئیمپریالیست ] نی یە ، تەنها لە بۆچونیکی کۆنەپەرستانەوە نەبیت . رق و کینەی لە ئیمپریالیزمی ئەمەریکی پیشکەتووتر نی یە لە رق و کینەی فاشیستەکان لە دژی ملک دارو سەرمایەدارانی یەهودی .

ئیمە تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی و ئیمپریالیزمی ئەمەریکی و بەریتانی مەحکوم دەکەین.
ئیمە پشتیوانی خۆمان دەکەین لە بزوتنەوەی تازەی کریکاری و بزوتنەوەی ژنان ی عیراقی لە دژی داگیرکەرانی ئەمریکی و بەریتانی و هەروەها لە دژی {مقاومەتی}ئیسلامی یەکان و بەعسی یە تازەکان کە تاوانەکانیان ئەنجام دەدەن لە دژی دانیشتوان لە شارەکانی عیراق دا [ بەتایبەتی لەم چەند مانگەی دواییدا کە بەسەر دانیشتوانی شیعەیان هینا ] ، وەک و ئەم تاوانەی کە ئەمرۆ ئەنجامیان دا لە دژی دانیشتوانی لەندەن .

هاوپەیمانی کریکارانی ئازاد ٧ی ژوویيەی ٢٠٠٥

ئەم راگەیاندنە وەرگیراوە لە سایتی { عەولەمە }کە سایتیکی چەپ و سۆسیالیستی یە بە زبانی فەرەنسی
www.mondialisme.org